# كەرگەلی كوردستان رێز لە ڤالآنتاین دەگرن




**ئەندامێكی حزبی كەرگەلی كوردستان:**

**كەر لەسەر خۆشەویستی كەس ناكوژێت و رەهایە لە خۆشەویستی كردن**

ئایا گەنجی ئێمە دەتوانن لەم رۆژەدا ماچەكانیان بگۆڕنەوە، بێگومان ... نا، هەزار گوللەیان پێوە دەنێن

**كەرێك: ئەگەر باری داراییمان باش بوایە گەورەترین ئاهەنگمان بۆ رۆژی خۆشەویستی ساز دەكرد**

**گە نجێك:**

**خۆشەویستی مایەچووچ دەرچوو، گە نجان لە رێگەی مۆبایلەوە وێنەی رووتی خۆشەویستەكەیان بۆ مەزادخانە دەبەن**

**ئا: سالار بابەشێخ**

جەستەی بێگیانی لەقەراخی جادەیەكی سەرەكیدا فرێ دراوە، ئاسەواری خوێن بەسەر عەردەكەوە دیارە، بێگومان ئۆتۆمبێلێك خۆی پێدا كێشاوە و بەلاشیەوە رانەوەستاوە هەتا چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە دڵی لە لێدان كەوتووە و بە ئارامی باوەشی بۆ مەرگ كردۆتەوە، ئەمە دیمەنی كەرێكە كە مرۆڤێك بە لایەوە وەستاوە و هوڕهوڕ بۆی دەگری. (سیروان ئەحمەد)ی تەمەن 32 ساڵ ئەندامی حزبی كەرگەلی كوردستانە و فرمێسكەكانی دەسڕێتەوە و دەڵێت "كەر بێتاوانترین بوونەورە، بۆ دەبێت ئاوا غەدری لێبكرێ". ئەو بەرامبەر بە مرۆڤ بە گشتی رەشبینە چونكە "هەموو تاوانێك دەكەن"، سیروان بە توندی لە ئاكار و رەفتاری توندوتیژیی مرۆڤەكان رەخنە دەگرێت و دەڵێت "لەسەر هەموو شتێك یەكتر دەكوژن".

ئایا حزبی كەرگەلی كوردستان چ روانگەیەكیان لەسەر خۆشەویستی و رۆژی ڤالآنتاین هەیە؟ ئەمە پرسیارێكە سیروان بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە: "خۆشەویستی لە كۆمەڵگای ئێمە شتێكی عەیبەیە، زۆر جار لەسەر خۆشەویستییەكی پاكیش گەنجی ئێمە كوژراون، بەڵام كەر لەسەر خۆشەویشتی كەس ناكوژێت، كەر ئازاد و رەهایە لە خۆشەویستی كردن". ئەو شانازی بە كەربوونی خۆیەوە دەكات و پێیوایە بەمجۆرە باشتر لە كاكڵی خۆشەویستی تێدەگات. لە بارەی (ڤالآنتاین)یش گوتی "ئەمە تەنیا بۆ ولآتانی پێشكەوتوو رۆژی خۆشەویستییە، لەهەر ولآتێك مافی كەر پارێزراو بێت ئەو ولآتە مرۆڤەكانی ئاسوودە دەژین و دەكرێ بە رۆژێكی وا دڵخۆش بن، بە گشتی رۆژێكی پیرۆزە، بەڵام ئایا گەنجی ئێمە دەتوانن لەم رۆژەدا ماچەكانیان بگۆڕنەوە، بێگومان ... نا، هەزار گوللەیان پێوە دەنێن، بەڵام كەرگەل شەرم لە خۆشەویستی ناكەن".

(2/14)ی هەموو ساڵێك وەك رۆژی خۆشەویستی لە زۆربەی ولآتانی دونیا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و خۆشەویستەكان بە پیر و گەنجەوە لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبن، بەڵام لە كوردستان رەنگدانەوەیەكی نییە، (نارین میرخان) خاوەن بڕوانامەی ماجستەرە و ماوەیەكی زۆر لە بەغدا ژیاوە و تازە گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت

"ڤالآنتاين موناسبەیەکی ئەورووپییە و لە کۆمەڵگای ئێمە سەری هەڵنەداوە، ئەوەش کەهەیە خەڵك بە شێوەیەکی رواڵەتی وەری دەگرن". نارین پێیوایە گەنجان لە رێگەی ئینترنێتەوە شتی تازە وەردەگرن، بەلاّم "لەناوەرۆکی شتەکە تێناگەن و تەنیا بە شێوەی رواڵەتی سەیری دەکەن"، ئەو ئاماژەی بەوشدا کە کۆمەڵگەی کوردی زۆری ماوە بۆ ئەوەی بەو قۆناغە بگات کە لە ڤالآنتاین تێبگات و رێزی بگرێ،"ئەوانەش کە نامەی خۆشەویستی دەگۆڕنەوە زۆربەیان نازانن ئەم رۆژە چییە"، لە بارەی ئەوەش کە ئەندامانی حزبی کەران رێزی ئەم رۆژە دەگرن گوتی "ئەو حزبانەی رێزی ئاژەڵ دەگرن ، لەوانەیە رێزی مرۆڤیش بگرن، لەوانەیە ئاهەنگیش بۆ رۆژێکی وابگێڕن"، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە "خۆشەویستی دەبێت هەموو رۆژێك بەردوام بێت نەك تەنها بە رۆژێك لە ساڵدا کۆتایی پێبێت".

(مەریوان محەمەد)ی تەمن 21 ساڵ رای جیاوازی هەیە، ئەو پێیوایە خۆشەویستی بۆتە فریودان و هیچ بەهایەکی نەماوە، بۆیە گوتی "خۆشەویستی مایەچووچ دەرچوو، گەنجان لە رێگەی مۆبایلەوە وێنەی رووتی خۆشەویستەکەیان بۆ مەزادخانە دەبەن"، لە بارەی رێزگرتنی ئەندامانی حزبی کەرانیش لە رۆژی ڤالآنتاین گوتی "ئەوە هەمووی دووکان و بازاڕە و رابواردنە بە خەڵك، ئەگەر راست دەکەن با رێزی ڤالآنتاین نەگرن و چۆن خەڵکی ئەورووپا لەگەڵ سەگەکانیان نان دەخۆن ئەوانیش وا لە گەڵ کەرەکانیان نان بخۆن".

(شەرمین وەلی عەلی) دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی بەگەشبینییەوە لەم رۆژە دەڕوانێت و بە رۆژێکی جوانی دەزانێت، "بەرای من نابێ یەك رۆژمان هەبێ بۆ خۆشەویستی چونکە خۆشەویستی نە کاتی هەیە و نە شوێن، هەمیشە لەگەڵ رۆحماندایە، دەتوانین بە گۆڕینەوەی گوڵێك رێز لە خۆشەویستی و رۆژەکەی بگرین". ئەو پێیوایە کۆمەڵگەی ئێمە رێگەی بە گەنجان نەداوە کە بە بۆنەی ئەم رۆژەوە کۆببنەوە یان بە ئاشکرا یەکتریان خۆش بوێت، "کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر کۆنەپارێزە و نایەوێ گۆڕانکاری لە دابونەریتی روودبات". لە بارەی رێزگرتنی حزبی کەرگەل لەم رۆژە گوتی "هەموو کوڕ و کچی گەنجی عاشق لەم کوردستانە حەز لەو رۆژ و بۆنەیە دەکەن، بەلاّم دابونەریتەکانی کۆمەڵگە رێگە نادەن، لەوانەیە ئەو حزبە بیانەوێ تازەگەری بکەن".



هەر لەمبارەیەوە (مەحمود عەبدوڵرەحمان)ی تەمەن (35) ساڵ، وەك ئەندامێکی حزبی کەرگەلی کوردستان، دەڵێت "تەنیا کەر لە مانای خۆشەویستی دەزانێت"، ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتی"لە عێراق رۆژانە سەدان کەس بە بەلاش دەکوژرێن، کەسیان مەجالیان نییە باسی رۆژی خۆشەویستی بکەن، ئیسلامییەکان سەریان دەبڕن". مەحمود رەخنە لە حکومەت دەگرێت لەوەی هاوکاری حزبی کەرگەلی کوردستان ناکەن، "ئیجازەی رەسمیمان بۆ کرنەوەی بارەگای حزبی وەرگرتووە، بەلاّم هەتا ئێستا هیچ هاوکارییەکی ئەوتۆیان نەکردووین، دەنا گەورەترین ئاهەنگمان بۆ رۆژی خۆشەویستی ساز دەکرد". ئەو زۆری تکا کرد لە رۆژنامەکەدا جگە لە ناوی خۆی ئاماژە بەکەربوونی بکرێ و وەك کەرێك باسی بکرێت.